زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil


زانكۆی سەلاحەددین
كۆلێژی ئاداب
بەشی جوگرافیا / قۆناغی دووەم


# ( جوگرافیای لادێ )


مامۆستای بابەت

جێگر حسن محمود

mobile: 0750 4838744
Email:jegr.mahmood@su.edu.krd


26-11-2020

fppt.com

# ناوەڕۆکی وانە

## ئەوهۆکارانەی کاردەکەنە سەر دابەشبوونی نشینگە لادێییەکان






# ناوەڕۆکی وانە

- ❖ **ئەوهۆکارانەی کاردەکەنە سەر دابەشبوونی نشینگە لادێییەکان:**
- ❖ **تەرزەکانی دابەشبوونی نشینگە لادێییەکان**

**یەکەم:هۆکارە سروشتیەکان .**

١- فاکتەری ئاوو هەوا.

٢- فاکتەری بەرزی و نزمی.

٣- خاک.

٤- سامانی ئاو.

**دووەم: هۆکارە مرۆییەکان.**

١- هۆکاری کۆمەڵایەتی.

٢- هۆکاری ئابوری.



✓ **وانەی داهاتوو.**

# ئامانج لە خوێندنی ئەم بابەتە

**یەکەم:** خستنە ڕووی ئەوهۆکارانەی کە بوونە مایەی دروستبوونی نشینگە لادێییەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بە پێی بارودۆخی سروشتی و مرۆیی.

**دووەم:** شارەزا بوونی قوتابی و سوود بینینی لە سەردابەشبوونی جوگرافی نشینگەلادێییەکان و قەبارەیان شێوەیان و تەرزی دابەشبوونیان و کەرستەی بەکارهێنراو و تەنانەت کاروچالاکیەکانیش.



# ئەوهۆکارانەی کاردەکەنە سەر نشینگە لادێییەکان

## ❖ یەکەم:هۆکارە سروشتیەکان:

هۆکارە سروشتیەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وە بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕوون کاردەکەنە سەردابەشبوونی جوگرافی نشینگەلادێییەکان وقەبارەیان شێوەیان وتەرزی دابەشبوونیان وکەرستەی بەکارهێنراوو تەنانەت کاروچالاکیەکانیش، ئینجا هەڵبژاردنی شوێنی جوگرافی نشینگەکان لە خۆوە نەبووەو بەڵکو کۆمەڵە هۆکارێک هەن کار لە دابەشبوون و قەبارەو ژمارەیان دەکەن.

### ١- فاکتەری ئاوو هەوا:

مەبەست لە ئاووهەوا ئاماری ڕەگەزەکانی کەشە لە ماوەیەکی دوورودرێژی کاتیدا کە دەکرێت پێوانە بکرێت لە ڕووی هەڵسەنگاندنی گۆڕان لە تەرزەکانی پلەکانی گەرماو شێ و پەستانی هەوا.

وە ئاووهەوا بە شێوەیەکی ڕاوستەوخۆو ناڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر دابەشبوونی نشینگە لادێییەکان کە دەکرێت کاریگەری ئاووهەوا لەسەر دابەشبوونی نشینگەکان لەم خاڵانە کورت بکەینەوە:

# ئەوهۆكارانەی كاردەكەنە سەر نشینگە لادێییەكان

**١- شوێنی نشینگە:**

**ئـــاوهەوا كـــاریگەری لەســـەر شـــوێنی نشـــینگەكان و دابەشـــبوونیان هەیە بەجۆرێک لادێ نشینان هەوڵدەدەن شوێنی گونجاو لەڕوو ئـاوهەوا بـۆ بنیـات نـانی نیشینگەكان هەلبژێرن بەگشتی ژمـارەو چڕی لادێنشینان زیـاترە لە نـاوچە مامناوەنـدەكان بە بەراوورد لەگەڵ نـاوچە سـاردووگەرمەكان چـونكە مامنـاوەندی دۆخی ئـاووهەوا كاردەكاتە سەر كاروچـالاكیە مرۆییەكـان ئەمەش ڕەنـگ دەداتەوە لە كـاریگەری ئـاووهەوا لەسـەر پڕۆسـەی كشـتوكاڵكردن و بەرهەمهێنانی بەروبوومە كشتوكاڵیەكان.**



# ئەوهۆكارانەی كاردەكەنە سەر نشینگە لادێییەكان

## ب- مۆرفۆلۆجیای نشینگە :

مەبەست لە مۆرفۆلۆجی شێوەوە دیزاینی نشینگەكانە وەک دیارە نشینگەكان بە هۆكـــاری جیـــاواز بە شـــێوازو شـــێوەی جیـــاواز دەردەكەون هۆكـــارە ئاووهەواییەكان كاریگەری دیاریان لەسەر لایەنی مۆرفۆلۆجی نشینگەكان هەیە.

**نمـوونە**/ نشـینگە لادێییەكـانی نـاوچە سـاردەكان لە هەنـدێ بارودۆخـدا ئەستوری دیوارەكانیان لە ٥٠ سم نزیک دەبنەوە ، هەروەها نشینگەكان بە بچوكی دەرگـاو پەنـجەرە تەنـانەت ژوورەكـانیش جیـادەكرێنەوە. ئەمەو لە لایەكی تـر نشینگەی لادێییەناوچەساردەكان بە هـۆی كەوتنـی بەفری زۆرو كەڵەكەبوونی، بنمیچی (سەقفی) نشینگەكان بە شێوەیەک دروست دەكرێن كە رێگر بن لە كەڵەكە بوونی بەفر لەسەری.

# ئەوهۆكارانەی كاردەكەنە سەر نشینگە لادێییەكان

## ٢- فاكتەری بەرزی و نزمی:

مەبەست لە بەرزی و نزمی هەردوو ڕەگەزی بەزی و نزمی لە ئاستی ڕووی دەریاو لێژی دەگرێتە خۆ کە هەر یەکێکیان کاریگەری دیاریکراویان لەسەر نشینگە لادێییەکان هەیە. بەشێوەیەکی گشتی نشینگە لادێییەکان لە ناوچە زۆربەرزەکان ژمارەو چڕی و قەبارەیان بچووکترە بە بەراوورد لەگەڵ ناوچە نزمەکان، ئەمەش بە هۆی سەختی و دژواری هاتوچۆکردن و کەمی ڕووبەری تەختایی تێیدا لە ناوچەی شاخاوی و بەرزەکان.هەروەها هۆکاری بەرزی و نزمی کاریگەری لەسەر تەرزی دابەشبوونی نشینگەکان جێدەهێڵن بەجۆرێک نشینگەکان لە ناوچە بەرزوشاخاویەکان لە زۆرێک لە حاڵەتەکاندا بەشێوازی (کۆبووەوە) دەردەکەون ئەمەسەبارەت بە نشینگەکان لە ئاستی یەک لادێدا، لەپاڵ ئەمەدا ئەگەر لەسەر ئاستی چەند لادێیەک بڕوانین دەبینین بە شێوازی پەرشوبڵاو بەدیار دەکەون هەرچی تایبەتە بە هۆکاری (لێژی)بە هۆکارێکی کاریگەرتر وەک لە هۆکاری بەرزی و نزمی هەژماردەکرێت.

# ئەوهۆکارانەی کاردەکەنە سەر نشینگە لادێییەکان

ئەمە تایبەتە بەوەی کە لەزۆرینەی کاتەکاندا بوونی بەرزی زۆر هاوکاتە لەگەڵ بەرزی پلەکانی لێژی.

ئەگەر سەیری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بکەین دەبینین هەمیشە لادێیەکان لە ناوچەلێژەکان بە رێژەیەکی کەم دەبینرێن چونکە لێژی زۆر مانای سەختی پرۆسەی بیناکردنوو تەنکی چینی خاکە بۆ چالاکی کشتوکاڵ دەگەیەنێ. بۆنموونە لە ناوچەشاخاویەکانی هەرێمەلادێییەکان بەشێوەیەکی کەم دەگمەن هەندێجار لەو لاپالانە دەبینرێن کە پلەی لێژیان لە (٢٠) پلە زیاترە بە پێچەوانە ئەو زەوی و لاپالانەی کە پلەی لێژیان کەمە وەک دەشت و پێدەشتی چیاکان ئەوا ژمارەو چڕی لادێییان تێدا زۆرە .

# ئەوهۆکارانەی کاردەکەنە سەر نشینگە لادێییەکان

## ٣- خاک:

مەبەست لە خاک ئەوچینە تەنکە فشەڵەیە کە ڕووی زەوی دادەپۆشێت خاکیش وەک دوو هۆکارەکەی تر،کاریگەری لەسەر دابەشبوونی نشینگە لادێییەکان بەجێدەهێڵێ،بەڵام بەڕێژەو بڕێکی کەمتر ئەمە بەتایبەت لەوکاتەی کە هەمیشە پەیوەندیەکی پێچەوانە هەیە لە نێوان بەرزی و لێژی لەلایەک و قوڵی خاک و ڕووبەری پێویست بۆ پرۆسەی بیناکردن و چالاکی کشتوکاڵی لەلایەکی تر.

بەڵام سەرباری ئەوە دەکرێت بگوترێت لە تەواوی جیهان ژمارە و چڕی نشینگە لادێییەکان زیاترە لەو ناوچانەی کە خاکێکی باش و بە پیتیان هەیە بە بەراوورد لەگەڵ ئەو ناوچانەی کە خاکەکەیان کەم پیت و تەنکە.

# ئەوهۆكارانەی كاردەكەنە سەر نشینگە لادێییەكان

**٤- سامانی ئاو:**

سەرچاوە ئاویەكان هۆكارێكی كێشكردنن لەبەردەم بنیاتنان و بڵاوبوونەوەی نشینگە لادێییەكان ، بوونی لقە ڕووبارە هەمیشەییەكان و كانیاو دەریاچەكان كاریگەری دیارو زەق لەسەر دابەشبوونی نشینگە مرۆییەكان و تەرزەكانیان جێ دەهێڵن. بەجۆرێك نشینگەكان لەگەڵ بوونی ڕووبارەكان بە تەرزی هێڵی دەردەكەون . لەلایەكی تر بە شێوازی پەرش و بڵاو لەگەڵ بوونی كانیاوەكان بڵاو دەبنەوە وەک لە هەرێمی كوردستان تێبینی دەكرێت.یان لەگەڵ بوونی دەریاچەكان نشینگە لادێییەكان بە شێوازی پەرش و بڵاو دەردەكەون بۆنموونە نشینگەلادێییەكانی دەوروبەری دەریاچەكانی وان و هاجلی لە وڵاتی توركیا .

# ئەوهۆکارانەی کاردەکەنە سەر نشینگە لادێییەکان

## دووەم: هۆکارە مرۆییەکان:

هۆکــاره مرۆییەکــان کــاریگەری دیاریکراویــان هەیه لەســەر دابەشــبوونی نشــینگەکان ژمــارەو قەبارەیــان لەم هۆکــارانەش هۆکــاری کــۆمەڵایەتی و ئابووری کە دەکرێت بەکورتی باسیان لێوه بکرێت:

١- هۆکـاری کـۆمەڵایەتی: مرۆڤ لە نـاوچە جیاجیاکـانی ڕووی زەوی ویستی وایە بەشێوەی کۆمەڵ و نزیک گوزەران و ژیان بکـات ئەم ویسـتە وایلێکـردووە نشــینگەکانی نزیــک لە یەکتــر بنیــاد بنرێــت بــۆیە دەبینــرێن لە بەشــە جیاجیاکانی زەوی هەرکاتێک شوێنێکی گونجاو بـۆ ژیـان کـردن بـوونی هەبـێ ئەوا نشــینگە لادێیەکــان بوونیــان هەیە چــونکە ئەم دۆخە یــارمرتی دەرە لەســەر دروســتکردنی پەیوەنــدی ئــابووری و کــۆمەڵایەتی تــێکەڵاو بــوون و گەشەسەندنبەوەش نشینگەکان لێرەو لەوێ بنیادنراون و بڵاوبوونەتەوە

# ئەوهۆکارانەی کاردەکەنە سەر نشینگە لادێییەکان

٢- **هۆکاری ئابووری:** هۆکارە ئابووریەکان بەهۆکارێکی تر کاریگەری لەسەر دابەشبوونی نشینگەکان لە قەڵەم دەدرێن .پێشکەوتنی لایەنی ئابووری ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاسان بەکارهێنانی دەرامەتەکان و زیاتر سود وەرگرتن لە خاک ئەمەش هۆکارێکە بۆ زیاتر ڕاکێشانی مرۆڤ و بنیادنانی نشینگە مرۆییەکان نەک ئەوەندە بەڵکو لایەنی ئابووری پێشکەوتنی تەکنەلۆجی هۆکارێکی ئاسان کەرە لەسەر بڵاوبوونەوەی نشینگەکان و بنیات نانیان لە شوێنە دژوار و سەختەکان وەک / ئاسانی ڕاکێشانی ڕێگاوبان و دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان و بنیادنانی نشینگەکان بەشێواز و دیزاینی ئەندازەی دروست .

# تەرزەکانی دابەشبوونی نشینگەی لادێیەکان

**تەزرەکانی دابەشبوونی نشینگەی لادێیەکان:** بریتیە لە شێواز و ئەندازەی کە دیاردەیەکی جوگرافیا لەسەر ڕووی زەوی وەردەگرێت دەکرێت تەرزەکان بەم شێوە کورت بکرێنەوە .

**١- تەزرەی دابڕاو:** ئەم تەرزەجکاتێک بەدیار دەکەوێت کە دیزاینێک لە دووری لادێیەکان نشینگەیەکی بۆ نیشتەجێ بوون بۆ بونیادنانیان ئەمەش کاتێک دەبێت بۆ نموونە سەربەستی کاروباری یاخود سەربەستی پرۆسەی کشتوکاڵ کردنی تێدا بخاتە ئەستۆ ئەگەر هاتوو زەوی و زارێکی کشتوکاڵی بەرفراوان بوونی ئەم تەرزە هەندێک جار لە ناوچە چیاکان دیار دەکرێن.



# تەرزەکانی دابەشبوونی نشینگەی لادێیەکان






٢- تەرزەی بڵاو : ئەم تەرزە بە هۆکاری بەرزی و نزمی بەتایبەتی لە ناوچە شاخاوییەکان بەهۆیەوە رووبەرەی پێویستی و تەخت بۆ بنیادکردنی بەردەست نیە یاخود ئەو شوێنەی کە ئاووهەوای وشکە دانیشتوان بۆ دابینکردنی ئاو پێویستیان بەبیر هەڵکەندنە یاخود لەنزیک کانیاوەکان نشینگە بنیاد دەنێن.

٣- تەرزی پەرش وبڵاو :لەم تەرزەدا نشینگەکان بەوە دەناسرێنبەشێوازی پەرش و بڵاو دیاری دەکەوێت ئەم تەرزە زیاتر لە ناوچە شاخاویەکان بەدیاردەکەوێت و بەدیدەکرێت یاخود بەهۆی کەمی ئاو و کەمیتی خاک لە ناوچە نشینگەکان.

# تەرزەکانی دابەشبوونی نشینگەی لادێیەکان

**٤- تەرزەی کۆوەبوو:** لەم تەرزەدا نشینگەکان لە نزیک یەکتر و بەشێوەی جیاواز نیشان دەدرێن بەتایبەتی لە دەشتە بەپیتەکانی ناوچە شاخاویەکان ئەم تەرزە بە کۆنترین تەرزی بڵاوبوونەوەی نشینگەکان هەژمار دەکرێ لەم ڕووەی مرۆڤ ویستی وایە بەیەکەوە نزیک لەیەکتر ژیان و گوزەران بکەن .





# وانەی داهاتوو:

- مۆرفۆلۆژیای نشینگەی لادێیی.




سوپاس